ئەحمەد شاملوو شێت و شەیدای وشە (١)

یەدوللا ڕۆیایی
لە فارسییەوە: محەمەد تەرەغە (بۆکان)

لە کتێبی «حەفتا بەردی قەبر»، کە دەگەینە بەردی ئەحمەد ئەمە دەخوێنینەوە:

دەگەڵ منا دانیشە
کاسە سەرەکان لەسەر باڵنج دلۆقانترن
لەژێر بستوویەک لەخەو
تەنیا بە بستوویەکی خەو

هەر لەسەر ئەو بەردە، پێنج قامک بە وێنەی بورجی دوعا، لەسەر گۆڕەکە، لە قەڵەشتەکانەوە، قەڵەمی تاشراو سەریان وەدەر ناوە. لە سووچی بەرەوە، بەشێک لە کاسە سەرەکە، کە قوواڵکەی چاوەکانی بە چەند پەڕی سپی پڕ بوونەوە و لەسەرەوە، لە سەرووی وێنەکە. لەسەر دێڕدا، زایری ئەحمەدی پێی دەڵێ:

ئێستە تۆ باشتر دەخوێنمەوە
مەرزە دووەکانیش دەبنە قوربانی دووەم بێ مەرزەکان.
بیردەکاتەوە ئەحمەد لەژێر خاکدا

قسەیەک کە ئەم زایرە بە مردووەکەی دەڵێ، بە بڕوای من مانایەکی سەیری هەیە. ئێستە تۆ باشتر دەخوێنمەوە. چونکە ئەو خەریکە قسە دەگەڵ مردوو ئەحمەد دەکا، نە دەگەڵ ئەحمەدی مردوو.

ئێستا «بۆ ئەم شەوە و شەوێکە، کە چووبۆوە زیارەتی قەبرستانیەکان، هەردووکیان ئێستان، کە وایە چین؟ ئێستایەک لە گۆڕێدا نییە. ئێستا هێشتا نەبۆتە ئێستا کە بەسەر دەچێ و دەچێتە پاڵ ڕابردوو: ئێستا هەر «ئەئێستا» بوو. هەر «ئەئێستا» بوو، ڕۆیی: کە وابوو ئێستا ناتوانێ دەرفەتێک بێ بۆ خوێندنەوە.

ئێمە ئێستامان نییە. واتە هیچکات شیعری ئەحمەد ناخوێنینەوە؟ یا ئەوەی کە هەر کاتێ شیعری ئەحمەد

شاملوو

دەخوێنینەوە، کاتەکەی دەبێتە ئێستا؟ یا ئەوەی کە خۆی دەبێتە کاتی خۆی کە لەخۆیدا، بەسەر دەچێ؟ وەک وشەکان کە لەبەر چاوی تێدەپەڕن، بەڵام لەخۆیدا تێدەپەڕن، واتە بە خوێندنەوەی ئەحمەد، ئێستای ئەو خەریکە لەودا تێدەپەڕێ. کاتی خۆی لەزماندا، دەدۆزینەوە. لە زمانی ئەحمەددا کە جێگەی مەرگی سبەینێی مەرگ دەزانێ و ئێستا باشتر دەخوێنێتەوە، کەوابوو زەمان لە زماندا دەدۆزێتەوە. زەمان؟

سێنت ئاگووستەن دەیگوت «زەمان ئەگەر کەسێک لێم نەپرسێ، من دەزانم چییە، بەڵام هەر ئەوەی کە لێیان پرسیم چییە، نازانم چییە و ئەوهی کە دەزانێ کێیە؟».

کاتێ ئاگووستەن دەڵێ دەزانم چییە، واتە بەیان کردنەکەی نازانم و نازانم. دەنا دەڵێ: «من دەگەڵیدا دەژیم. هەر کارێک کە دەیکەم بە یارمەتی زەمانەکە دەیکەم. زەمان زەوییەکە لەسەری ڕاوەستاوم، بەڵام هەر ئەوەی کە بیری لێدەکەمەوە، لێم دەبێ بەمەتەڵ.»

ئەندێشەکانی ئاگووستەن بە دۆعا مایە دەگرن. دۆعاش جگە لەزمان شتێکی تر نییە. دەڵێ دۆعاکانیش بە یارمەتی زمان بوونەتە دۆعا. وا هەست دەکەم قەدیمیترین کەسێک کە لە مەڕ زەمان بیری کردۆتەوە، ئەویش لە پێوەندی دەگەڵ زماندا، هەر ئەو پیاوە موقەدەس و حاشاڵێکراوەی خۆشەویستەی من، ئاگووستەن بووە.

لە سایەی ژیان، لە زماندایە کە زەمان وەک زەوی یا زەوییەک دەبینێ. چ شتێک گۆڕی ئەحمەد دەکاتە شوێنێک بۆ خوێندنەوەی دەق؟ شوێنی مەرگ یانی سبەینێی مەرگ. ئێمە ناتوانین لە بوونی ڕاستەوخۆی زەمان لەنێو زماندا، خۆببوێرین.

«سۆهرەوەردی»ی خۆمان قسەیەکی سەیر دەکا، لە «ئاوازی پەڕی جوبرەئیل»دا، دەڵێ ئەوەی کە قائیم-ە (ڕاست و لەسەر پێی خۆ بوون) وشە و ئەوەی کە حەسیدە، ئەوە ڕوالّەتی ڕوالّەتی وشەیە کە خرا دەبێ و تێدا دەچێ، هەر چێکی زەمانی نییە، مەکانی نییە. (حەسید بەمانای کلّۆش).

وشە لە شیعری شاملووا، سەربەخۆیە، وەک زمان لە شیعری نیمادا.

وشەگەلی سەربەخۆ ئەگەر لە شیعریی سەربەخۆدا، جێ نەگرن، ڕۆژێکی تر لە خوێندنەوەیەکی تردا، دەکەونە عەرزی و دەبنە کلّۆش و تێدا دەچن. شیعری فارسی، لە شیعری نیما دایە کە هەڵدەستێ و ڕاست دەبێتەوە، هەم لەسەر کاغەز و هەم لەزەیندا. لە شیعری نیمادا و لە فۆرم گەلی نیمایی شاعیرانی دوای ئەودا، تا ڕادەیەک شاملوو، ئیسماعیلی شاهروودی بەگشتی و خوازیارانی «تەبار خوازی(۲) شیعری ئەمڕۆکەش».

ئەم زایرە هەر کەسێ بێ شاملووی خوێندۆتەوە، بەڵام ئێستا دەیهەوێ، باشتری بخوێنێتەوە، بەڵام لەم قسەیەدا، جگە لە مانای زەمان و غایب بوونی وێژەر، مانایەک لەدەق و مانایەک لە ڕاڤەی خوێنەری دەگەڵ خۆی هێناوە. پۆل ڕیکوور نییە، لێکۆڵەری ئەدەبیش نییە، ڕەنگ بێ خوێنەرێکی شارەزای «مەسجێد سوولەیمان»(۳)، یا لاوێکی «گوورگان-»ی(٤) یا شاعیرێکی کۆچەر لە کالیفۆرنیا، یا ئاوانگارد-ێکی سەرەڕۆی کەنارەکانی دەریای خەزەر بێت. بە هەرحاڵ ئەم زایرە هەر کەسێ بێت، خوێنەرێکی حیرفەیی شیعرە، کە بۆ خۆی ئامێرێکی تایبەتی هەیە. چاوەڕوانیی و بەرزە فڕی خۆی هەیە و لە دوور ڕا هاتووە. کاتێ دەڤەکە دەخوێنینەوە، لە پەڕاوێزی دەڤەکەدا کارگەیەکی بۆ خۆی هەیە. دەیشکێنێ، سازی دەکاتەوە، دەیبڕێ و دەیدووڕێتەوە و خۆی بەشداری شیعرەکە دەکا. یانی لە خوێندنەوەی ئەم شاعیرەدا، نووسینەوەیەکی نادیار لە گەشەکردنداید. بێ هۆ نییە کە ئەحمەد لەخاکدا، بیر دەکاتەوە، کە «مەرزە نزیکەکانی قوربانی دووەم بێ مەرزەکان دەبن». شاعیر خۆی بە قوربانییەک دەزانێ، لە کاتێکا کە زایر باشتر خوێنی نێوانی ئەو «قوربانییە» و

ئەو «باشتر خوێنییە» مەودای زۆر هەیە. مەودای نێوان حازر و غایب بوون.

ڕستەی «بیر دەکاتەوە ئەحمەد لەژێر خاک»-یشدا، لێرەدا، زۆرتر ئاشکرا کردنی لایەنی نادیارە، هەتا بیری قوربانی بوون، یا بیری قوربانی کردن.

دۆزینەوەی سروشتی ئەم نادیار بوونە و توخمی ئەم نادیار بوونە، دەگەڕێتەوە سەر خوێنەر کە پێویست نییە هەموو کات مەرگ بێت، چونکە «بوونی» زەمان، بەرانبەرە دەگەڵ دەرهاویشتنی «بوونی» مەرگ.

لە ئەندێشەی ئاگۆستێن و سۆهرەوەردیشدا، ئەو شتەمان دیت. لە ئەندێشەی هۆسرێل و بلانشۆ-شدا، هەر دەیانبینین. خودی نووسین، هەر خۆم ڕەجم کردنێکی مەرگە. بۆ زایری ئەحمەدیش باشتر خوێندنەوە، ناڕاستەوخۆ دەگەڵ مانای نادیاری ئەودا نییە. ئاڵێ کە سروشتی ئەم نادیاربوونە و توخمی ئەو نادیاربوونە، چییە، بەڵام لەو باشتر خوێندنەوەیەدا، مەرگی ئەویش دەخوێنێتەوە. بەتایبەت ئەوە کە دەقەکە دەکێشێتە پەڕاوێز و کارگەی خۆیەوە. لێرە بۆچوون زۆرە. لەم بۆچوونە زۆرانە، بۆچوونی ئازادی هەڵبژاردن و گەڵاڵە کردنیش هەیە و لە ئاکار سەرلەنوێ نووسینەوە. ئەو کاتە خوێنەر خۆی دەبێتە دەق، چ بڵاوبێتەوە و چ هەر ئاوا بمێنێتەوە. هەمووی ئەوانە کەرەسەی دانی «بوون» بە «نەبوونە».

ئەو شتەی کە نییە، لە کوێیە؟ ڕاڕایی! سەمای نەبوون لە ڕووبەرگی ئەو شتانەی کە هەن بەدڵنیاییەوە، سەما ئەوەیە کە ئەو شتانە دەنووسێتەوە، بۆ ئەوەی کە ئەو مەودا نادیارەی ئەحمەد و بوونی خوێنەر واتە مەودای نێوان «قوربانی» و «باشتر خوێندنەوە»تان، زۆرتر بۆ ڕوون کەمەوە، بابزانین چ شتێک یا چ شت گەلێک لە «مەرزە نزیکەکان» یانی لە شیعری ئەحمەددا هەیە؟ چ شتێک خەریکە فیدای «دووڕە بێ مەرزەکان» واتە زەینی زایر دەبێ.

زمانی پاراوتر

ئەگەر پێتان خۆشە، پاراوتر بەمانای «بەڕێزتر»یش بگرن. ئەو شاملوو، زیاتر لە هەموو شتێک لە ڕازی وشە نزیک بوو. لەنێوان هونەرمەندانی کەلامیدا، هونەرمەندانی خولقێنەری کەلامیدا، شیعر، شیعری ئەو زیاتر بەشوێن دۆزینەوەی واژەکان و سەرگوزەشتیان بوو.

شاملوو هەر لە دۆزینەوەی ڕازی کەلامدا ماوە. کەلام بەمانای وتە. بە پێچەوانەی نیما کە شیعری ئەو تێفکرین لە شیعر و ڕازی وشە و ڕازی شیعر و مەبەستی خۆم لەم دووانە دەردەبڕم. ئەوەی کە ڕازی وشە کەشف دەکا مرۆڤەکی ڕازاوەی نییە، چونکە بەردەوام بەشێوەیەکی ئازاد و بێ دەروەست لەم کەشفە کەڵک وەرناگرێ. واتە پێگەیشتن بە کەشفی فۆرم، کەشفی جوانییەتی، کەشفی «جوانی»، بەڵێ «جوانی»، هەمیشە ڕازی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەوکاتەی کە ئێمە لە «شیرگاە» و دواتریش لە دۆڵ و دەرەکانی (فیروزکوە)، دەگەڵ شاملوو و ئایدا کە ئێستا پێش قەڕەوڵێکی نوێ بوو، بەو ڕازەوە تێپەڕی، ڕازی ئەوەی کە جوانی چییە و (جوانی) یانی چی؟ شیعری «دڵتەنگی ١٤»، تازە بڵاوببۆوە. (وابزانم لە گۆڤاری بارو)دا بوو.

ئەم کارە باسی ئێمەی کێشابووە سەر پێکهاتەی شیعر، ڕۆڵی دووپات بوونە، جێگەی وشە، تێکەڵ کردن و کۆمپوزیسیۆنی کۆپلە، سەربەخۆیی کۆپلە و شت گەلی لەم چەشنە.

لە هەمووی ئەم دەنگ و باسانەدا، شاملوو هەر لەسەر ئەو قسەیە، سوور بوو کە «کۆپلەیەک شیعری جوان ئەگەر هەر جوان بێ و قسەیەکی بۆ گووتن پێ نەبێ، بۆ سەر قەرتاڵە باشە». ئەو هەتا ئاخر هەر لەسەر ئەو قسەیە ماوە. قسەیەک بۆ گووتن؟ هیچ کات ئەوەی لێ قبووڵ نەکردم، کە «جوانی» تەنیا لەبەر جوان بوونی، هەمیشە شتێکی پێیە دەگەڵ ئەوەشدا شیعری قالاو (هێشتا لەبیری ئەو قالاوە دام، لە دۆڵ و دەرەکانی یووش)، هەر لەوێ، لەنێو ئەو قسە و باسانەدا، ئەو کاتەی کە من لەوێ بووم، هەوێنی گرت.

ئەگەرچی دوای سااڵنێک دڕدۆنگی بڵاوبۆوە، بەڵام ئاکامەکەی هەر ئەو شتە بوو کە لە «شێرگا» بۆ منی خوێندبۆوە و هەستی پێدا هەڵگووتنی منی هەڵخڕاند بوو. هەستی پێداهەڵگووتنی من و ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش، دڕدۆنگی ئەو چونکە هەر لەو شیعرە جوانەشدا لەوانەیە بە ئانقەست بە شوێن قسەیەک بۆ گوتن دەگەڕێ. ئەویش لە دۆڵ و دەرەکانی یووش کە هیچ کات چاوی بەوێ نەکەوتبوو، بەڵام کەنایەی ئەو قسەیەم دۆزیەوە. ڕووی ئاماژەی لەمن بوو ئەگەرچی هیچ کات گومانم لە هێز و توانای ئەو لە شیعردا نەبووە. گوتن، ئەرێ گوتن. شاملوو هەموو شتێکی «دیتن» دەدیت. شیعر نووسین و نووسینەوەش، هەر هەموویانی «گوتن» دەدی. هەڵبەت لە بەستێنی زماندا.

زمانی ڕاوێژ و واژە، نە زمانی نیشانیەکان. هەڵبەت، زمانی کەرەسەیەک بۆ زمان دەدی و لە کەرەسەی

زمانیشدا، تاووتینی هەر بۆ وشە بوو. تین و تاوی وشە و شـــەیدای وشـــە بوو. ئەوانە ئاراوقـــەرایان نەبوو. پژمینێکی بێ ئارام بوونەوە، خۆی بەرەو وشە دەکێشا و لە دەقدا ئاراو قەرای لێ هەڵدەگیرا. هەر ئەوە بوو کە خوێندنەوەی شیعرەکەی دۆزینەوەی ئەو نائارامیانە بوو. بێ ئارامی وشەکان و ڕابردوویان، دەنگەکانیان و شوێن و بەستێنیان. پێگەی وشە و پێوەندییەکانی وشە دەگەڵ وشەیەک کە دەگەڵ وشەکانی تر، پێوەندی دەگرێ. دەگەڵ وشە پێوەندییان دەگرت و لە پێوەندیەکانیدا دەگەڵ وشە بەکاتیی شیعر، لەبەرچاوی من، وەک تەڕەدەستێکیان لێدەهات کە لە قۆڵیدا کۆتری سپی جادوویی، هەر یەکـــەی بۆ لایەک لە شـــەقـــەی بالّیـــان دەدا. ئەو هەڵسوکەوتەی ئەو دەگەڵ زمان دەبێتە خووخدەی ئەو. هەر ئەو خووخدەیە دەبێتە نەسرێک کە شیعری ئەو دەخاتە ژێر بالّیەوە، شیعرێک کە جوانییەکەی لە جوانی بێژیدا و لەوپەڕی جوانییەتیدا دەبینێ.

ڕوانینی شاملوو

بەهەمووی ئەوانەوە، شاملوو هەر بەو زمانە و هەر بەو شێوازە گوتنە، بە ڕوانینێکی نوێ، لە جیهانی دەڕوانی، بێ ئەوەی کـــە بۆ دیتنی دنیـــا، «ڕوانینێکی نوێ لە جیهان» ساز بکا. بەڵێ لە «هەبوون» هەتا «سازکردن» مـەودایەکی زۆر هەیە. هەر وەک مـەودای نێوان بەرهەم هێنان، هەتا بەکارهێنان مـەودایەکی زۆرە. هەروەها لە هەڵبژاردن تا داهێنان، لەبەر ئەوەی کە شاملوو لایەنی نادیاری شتەکانی دنیای بۆ دیتنی دنیا کەمتر دەقۆزیەوە، بەڵام لایەنی نادیاری دنیـــا دەگـــەڵ زمـــانی ئەو، لە ڕوانینێکی نوێدا، دەبیـــســـرا. واتە ئەم ڕوانینە کـــاتێ دەنووسـرا، سـروشـتێکی بێ گـیـانی سـاز نەدەکـرد. بە پێچەوانە، گیانێکی تازەی بەسروشت دەبەخشی، هەر ئەم جۆرەی کە دەیدی. ئەوە جگە لەوەی کە سەرچاوەی دەگەڕێتەوە بۆ جادوویی زمان، شتێکی تر ناتوانێ ببێت. بە هەمووی ئەوانەوە دەمهەوێ بڵێم کە چۆن شاملوو هەر شتێکی کـە دەیدی، دەیخسـتە چوارچێوەی شێوازی خـۆیەوە، هەربۆیە «شـتـەکـان» لەم چوارچێوە تازەیەدا زمانی فیبرینی ناوەوەی خۆیان بۆ خوێنەر ڕوو نەدەکرد، بەڵکو خۆیان و ڕوالّەتی خۆیان باشتر لەوەی کە بوون دەنواند. لەبەر ئەوە، بابەتی هەست پێکراو، لە شیعری شاملوودا هەروەک خـۆی دەمـێنێتـەوە، بێ ئەوەی کـە گێڕدرابێتەوە و بێ ئەوەی کە لەسەر جێگای خۆی و لە دیمەنی خۆیدا مابێتەوە.

ئەمە ڕوانینی شاملوو بۆ «شتەکان» بوو. لە پشتەوەی شتەکان خەبەرێک نییە، بەڵام هەر لەو دەم و دەستەدا، دێنە بەرگرتن. ئەمە شێوازێکی نوێی خستنە داوی دنیایە کە بەرهەمەکەی میکانیزمی جادووی زمانە نە بەرهەمی گـۆڕانی وێنەی دنیـا لە ڕوانینی نوێ دەرهەق بەدنیـا. لێرەدا، «ئەشیا» و ئەو شتانەی کە شیاوی دیتن نەکراون بە وشە، بەڵکو ڕوالّەتیان لەدەقی شاملووییدا، لەنێوان وشەی بێ تەماوی و ڕەنگاوڕەنگدا بەربەست کراون کە ڕێتـمی شـاملوویان پێدەدرێ. کـاروانێک لە وشـە، لە گـرەوی ئەم مـانایەدان کـە پێتـوایە بۆ پێشـوازی دەچن، ئایینێک کە لەتەوڕات و مێژوو سەرچاوەی گرتووە، واتە لە یوحنا و بەیهەقی، ڕاستەوپاستە کراوە، هاوکێش و هاودەست هەر ئەو شتانەن کە شێوازی شاملوو تایبەتی دەکەنەوە. پێتوایە جیلوە و ڕوالّەتی جیهان لە وێردەکانی شـاملووییـدا ڕێژە دەڕۆن یا ئەوەی کـە ئێـمـە لەو بە پێشوازچوون و دووپات کردنانەدا ئاوایان دەبینین. یا لەم ڕێگەیەوە، لە ڕێگەی دەستەمـۆکردنی جیلوە و بیـروڕادا وێنەکـان تەمـاوی دەبینین، بەڵام شێوازی نووسینەکـەی، ئەم تەمـاوی بوونە قـەرەبوو دەکـاتەوە. لە سـۆنگەی سـەرهەڵدانی وشـەگـەلی نوێی لە شـوێنی نوێی خۆیاندا پێش بەو تەماوییوونە دەگرێ.

تازەکردنەوەی ئالّقـەڕەزی کـۆنە لە قـالبـێکی نوێدا، لە ڕوانینی عـادەتی دەمـانتـرازێنێ. لەوەها هەلومـەرجێکدا، ڕوانین ئەگـــەر داهێنانێکی نەبێ، لانی کـــەم لە جل و بەرگی تازەی زمـاندا ئالّ و گـۆڕ پێک دێنێ. لەمـەڕ ئەم ئالّ و گـــۆڕەی ڕوانین لەلای شـــاملوو دەدوێم. لەلای شاملوو، لە نەسر و لە شیعری نەسریدا، هەموو شتێک جێگەی خۆی هەیە. کاتی خۆی هەیە، لەوێ و ئەوکاتە کە تۆ کـتـێبی مـوقـەدەس دەخوێنییـەوە کـاتێ کـە تۆ ئەوان دەخوێنییـەوە و لە «عـەهدی قـەدیم»دا عـەهدێکی نوێ لە وشـەکـان دەبینی، لەم کـەین و بەینە تازەیەی وشـەدا، هۆگریت بۆ بیستنی دەق زۆرتر دەبێ هەتا خوێندنەوەکەی. ئەم دالّ و والّایە بێـشـک قـەرزێکە و کـە شـاملوو بە مۆسیقا و جیهانی مۆسیقا قەرزدارە.

ســـەردەمـــێـک کـــە شـــەوانەکـــانی «شـــوپێن» و ئاسمانییەکانی «بێتهوون»مان پێکەوە دەبیست، چەندین ساعـات، نە ئەوەی کـە دەمـانبـیـست، بەڵکو گـوێمـان پێدەدا. گوێ پێدان، نا، بەڵکو هۆشمان پێدەدا و وەرمان دەگرت. ئەو قەرزەی کە گوتم، هەروا قەرزێکی کەم نییە. ڕیتم لەشیعری شاملوودا هەمان دەنگی ئەو قەرزەیە. دەنا ئەو کـات کـە عـەرووز و کـێـشی (شکسـتـەی نیـمـایی)

وەلانا، چ شتێکی بوو کە جێگای ئەوەی پێ پڕکاتەوە؟ هەموو کەسێک ناتوانێ ببێتە قەرزداری شوپێن و بێتهوون و کەڵک لەو قەرزانە وەرگرێ.

لێرەوە ئیتر، هەموو زانیارییە عەرووزیەکانی، هەموو هات و هاواری (ئەفاعیل-یەکانی) فیدای پێشەنگی ئەم ئالۆگۆڕە، ئەم چارەنووسە، ئەم تازەبوونەوەیە دەکا. واتە وشە و مۆسیقا شان بەشانی یەکتری هەنگاو دەنێن. ئەم دووانە لە بەستێنی ڕیتمی وشەدا شتێکی بچکۆڵە لەو هەموو وشەیەن. کە ئەوە دووهەمین جار بوو شاملوو لە خۆیدا شتێکی فیدای شتێکی تر دەکرد. جاری یەکەم ئەم کاتە بوو کە ئاهەنگە لەبیرکراوەکان-ی لە بیر دەباتەوە. «کە ئاوم پێدا/ دۆعام بەسەردا خوێند= خەنجەرم لەسەر گەرووی داناو لە گیانەڵایەکی دوور و دڕێژدا کوشتم/». جاری دووهەمیش کتێبی شکستەی نیمایی و خوودی نیماش.

جاری هەوەڵ ڕوانینی و جاری دووهەم زمانەکەی نوێ کردەوە.

ئاوێتەیی زمان و ڕوانین

لە یەک کەلام شاملوو، هەر ئەو دوو جارە نوێ بوونەوەیە، پاڵاوتەیەک لەوانەیە. هەر لەم نوێ بوونەوانەیە کە شاملوو دەیێتە ئاوێتەیەک لە زەین و زمانی خۆی. ئەم شتەی کە ئەمڕۆ بە «شیعری شاملوویی» یادی دەکرێ. من ئەم ئاوێتە بوونە بە بەرهەمی دووپات بوونەوە، تەمرین و گەشەی هەمان ئاوێتەبوونی «ڕوانین و زمان» دەزانم، هەر بۆیە ئەوە ئاوا کورت دەکەمەوە. ورد بوونەوەی شاملوو لەسەر زمان، زمان-ی وەک بابەتێکی مادی، وەک ماددە، هێنایە ئاراوە، بەڵام بۆچوونە شیعرییەکانی شاملوو لە بەستێنی ئەم بابەتە مادیەدا، دەگەڵ بۆچوونەکانی ئەو لە مەڕ جیهانی دەرەوە تووشی گرفت دێ. بە جۆرێک کە شیعرەکانی لە سنووردا، لە سنووریی نێوان زەیەن و زمان، قەتیس دەکا. هەر ئەوەش دەبێتە عادەتی وی. عادەتی ڕوانینی دەرهەق بە سروشتی دەوروبەر بۆی دەبێتە عادەت لە شیعردا.

زیاتری لەسەر بدوێم، ڕوانینی شاملوو بە شتەکان، شیعرەکانی لە سنووری نێوان ڕاستەقینەی دیار و ئەوپەڕ نادیاردا ڕادەگرێ. هەربۆیە بۆ ئەو ئەمری هەست پێکراو، هەمیشە ئەمری هەست پێکراو دەمێنێتەوە و هیچکات بە تەواوی جیانابێتەوە. جیابوونەوەی شاملوو لەم کارە تا ئەو ئاستەیە کە شوێن پێی ئەوی لێ ون نەبێ.

لەم ڕوانگەیەوە، نیما نوێخوازتر لە شاملوویە. شاملوو هەر لەو شوێنەوە لە نیما هەڵدەبڕێ کە لەشیعرەوە بۆ نەسر وەردەگەڕێ. هەر لەوەی ئەمری هەست پێکراو دەکاتە «ئەمرێکی ڕەوان».

لەکاتێکا کە لەلای نیما بابەتی ڕوانین مایەی دەگرت، گۆڕانی بەسەر دادەهات، دەبووە سیمبۆل و لە شتێک بەری دەگرت (وەبەر دەهات). ئەم ڕاستیانە و ئەو شتانەی کە لەشیعری نیمادا دەیانهەویست لەناو ڕاستییەکان و لە شتگەلی تردا خۆ حەشار دەن، لێرە لە زمانی شاملوودا پلە و پایە دەخوازن، هەتا بتوانن خۆنیشان بدەن. هەر لەو زمانەدا بە ئەوانەشەوە بارودۆخی شاملوو لەنێوان ئەو شتە هەست پێکراوانەی جیهان، چی وا دەگەڵ نیما کەلەبەریان تێناکەوێ.

کاتێ دەبینم ئەمڕۆکە ئیتر ڕاستیەکان لە تەبار (حەجم) گەلی زەینی شاعیرانی دوای ئەو بە گشتی ون دەبێ، قرت دەکرێ و لەزماندا بزر دەبێ. خەیاڵی شاعیرانیش لەو ئەمرەی کە باسی کرا، خۆی ڕاستییەکی تڕە کە لەقرت کردنی ئەم ڕاستییەیی پێشوو (ڕاستەقینەی دایک) سەرچاوە دەگرێ.

مەرگی شاملوو ئەمساڵ لە پەنا مەرگی کەسانی تری شیعری نوێ ڕوانەتی مەرگی بە شیعر دا. لەم ڕوانەتەدا ناوەکانی وەک نوسرەت ڕەحمانی، نادر نادر پوور، بێژەن جەلالی، شاپوور بونیاد و گوڵشیریی چیرۆکنووس (کە خۆی پەنجەرەیەک بوو بەرەو ڕووی جیهانی شیعر) جەغزی تەنگی گەورە پیاوانی ئەدەبی هاوچەرخی تەنگتر کردەوە کە شاملوو لەو نێوەدا ئەوینی وشە بوو، شێت و شەیدای وشە بوو، خۆی بۆ فیدا دەکردن، هەر دەڵێی بۆ ئەوان مردووە.

پەراوێزەکان:

١- یەدوڵلا ڕۆیایی خۆی یەکێکە لە گەورەترین شاعیرانی ئێستای فارس و هەنووکە لە ئەوروپا دەژیت. ئەم بابەتەی بەردەست بەشێکە لە قسەکانی ناوبراو کە لە کۆڕی ڕێزگرتنی شاملوو (پاریس ٣٠ی خەرمانانی ٢٠٠٠)دا پێشکەش کرا.

٢- حجم گرا.

٣- شارێکی ئێرانە.

٤- شارێکە لە باکووری ئێران.

سەرچاوە: ماهنامە نگاە نو شمارە ٣ دورە جدید.